# دكتۆر کەمال مەزهەر ومێژووی کورد



**د.جەبار قادر**

کارێکی ئاسان نیە مرۆڤ رۆڵی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە لێکدانەوەی مێژووی کوردا لە وتارێکی وادا بنرخێنێ . ئەو نزیکەی پە نجا ساڵە لەم بوارەدا کار دەکا ودەیان کتێب وسەدان لێکۆڵینەوەی زانستی وباس ووتاری پێشکەش بە خوێنەرانی کورد وعەرەب وبیانی کردووە . بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر کەلێنێکی دیاریان لە کتێبخانەی کوردیدا پر کردۆتەوە (1).

ئاساییە خوێنەران دید وبۆچوونی جیاوازیان لە مەر تێز وبەرهەمەکانی هەبێ . رەنگبێ کەسانێ هەبن لە دیدی فەریکە ناسیۆنالیستیەوە کە پاشخانی زانستی ورۆشنبیریی زۆر هەژارە ، دەڵێم رەنگبێ بۆچوونەکانی ئەمیان زۆر بەدڵ نەبێ. بەلاّم ئەوەندەی من ئاگاداربم، کەس لەمانە نەهاتووە لە رێگەی بەڵگە ولێکۆڵینەوەی زانستییەوە هەڵەیەکی دکتۆر کەمالمان بۆ دەربخا ودروستی بۆچوونەکانی خۆیمان بۆ بسەلمێنێ .

ئەو چەند وتارە بێ سەر وبەرەی گوایە رەخنە لە دید وبۆچوونەکانی دکتۆر کەمال دەگرن ئەوە دەردەخەن کە نووسەرەکانیان بەرهەمەکانی ئەویان نەخوێندۆتەوە یا خوێندوویانەتەوە بەلاّم لێی تێنەگەیشتوون .

تیشك خستنە سەر کار وبەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر باشترین رێگەیە بۆ دیاری کردنی رۆڵی ئەو لە هیستۆریۆگرافیای کوردیدا. دەکرێ وەلاّمێکیش بێت بۆ پرسیاری ئەوانەی دەیانەوێ لە راستییەکانی بگەن .

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە ساڵی 1937 لە بنەماڵەیەکی خەڵکی سلێمانی لە ئاغجەرلەری سەر بە کەرکوك هاتۆتە دونیایەوە. قۆناغەکانی خوێندنی مەکتەبی لە سلێمانی تەواو کرد. لە ساڵی 1959 بە پلەی شەرەف لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بەکالۆریۆسی لە مێژوو وەرگرت. لە گەڵ یەکەمین گروپی قوتابی کوردا کە هەمان ساڵ لە لایەن حکومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە نێردران بۆ خوێندن رەوانەی یەکێتی سۆڤیەت کرا. لەوێش رەوانەی پایتەختی ئازەربایجان (باکۆ ) کرا بۆ تەواوکردنی خوێندن.

لە ساڵی 1963 دکتۆرای لە مێژووی هاوچەرخی کوردا وەرگرت . تێزی دکتۆراکەی بەم ناونیشانە بوو : (بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی ((باشور)) عیراق لە سالاّنی 1918 – 1932 ) .

تێزی دکتۆراکەی دکتۆر کەمال مەزهەر کۆمەڵێ زانیاری ودید وبۆچوونی نوێی لەمەر بزاڤی رزگاریخوازی کورد بە گشتی وباشوری کوردستان بە تایبەتی هێناوە کایە. دکتۆر کەمال پشت قایم بە بەڵگەی مێژوویی ولێکدانەوەی زانستیی رووداوەکان کۆمەڵێك لە رۆژهەلاّتناسانی ئەو ولاّتەی ناچار کرد بە بۆچوونەکانی پێشوویاندا بچنەوە لە مەر بزاڤ وسەرەکردە مێژوویی وسەرهەڵدانەکانی کورد . گرنگیی ئەو کارە زانستییەی دکتۆر کەمال مەزهەر بەوەدا دەرکەوت کاتێ لە ساڵی1967 لە باکۆ وەکو کتێب بە زمانی رووسی بلاّو کرایەوە (2).

بۆچوونەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر وکوردناسی ئەرمەنی مانڤێل هەسراتیان گەلێ لە رۆژهەلاّتناسانی ئەو دەمەی سۆڤیەتیان هێناوە سەر باوەرە کە دەبێ بە بۆچوونەکانیاندا بچنەوە لە مەر هۆ وسروشتی سەرهەڵدانەکانی گەلی کورد لە بیستەکان وسییەکاندا سەدەی بیستەمیندا. بەلای زوربەی ئەو رۆژهەلاّتناسانەوە ئەو راپەرینانە بریتی بوون لە هەوڵی ئاغا وسەرەك هۆز ودەرەبەگ وشێخانی دواکەوتووخوازی کورد کە بە بەفیتی ئینگلیز وفەرەنسی دەکەوتنە جم وجوڵ وبریقەی زێری کۆلۆنیالیستان سەری لێدەشێواندن.

ناکرێ ئەو دیدانە لە رەوتی رووداوەکانی یەکێتی سۆڤیەت ورۆژهەلاّتی نزیك دابرین. ئەوە هاودەنگ بوو لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی سۆڤیەت وسیاسەتی دەرەوەی بەلشەڤیەکاندا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیندا.

www.dengekan.com

له شەستەکانی ئەو سەدەیەوە بە هۆی گەشەکردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردەوە وبەر لەوەش دەست تێکەڵ کردنی داگیرکەرانی کوردستان لە گەڵ بەرەی دژ بە یەکێتی سۆڤیەت ، ئەو زەمینە لە بارە بوو بۆ ئەوەی ئەو بالۆرەیە لە بەرهەمی کوردناسان وڕۆژهەڵاتناسانی یەکێتی سۆڤیەت وولاَتانی سۆشیالیستدا روو لە کاڵبوونەوە بکات .

لێکدانەوەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر لەو چرکە مێژووییەدا رۆڵی خۆیان بینی وئەرکی کوردناسانی ئەو ولاَتەیان ئاسانتر کرد.

هەر لە ساڵی 1963 بوو کاتێ بەعس کودەتا خوێناوییەکەی کرد وبۆ چەند مانگێك دەسەلاَتی لە عیراق گرتە دەست. یەکێ لە بریارە قەرەقۆشیەکانی دەسەلاَتی بەعسیان ئەوە بوو کە دەبوایە هەموو ئەوانەی وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر لە یەکێتی سۆڤیەت دەیانخوێند بگەرێنەوە بۆ عیراق ، بە پێچەوانەوە رەگەزنامە وپاسپۆرتی عیراقییان لێ دەسێنرایەوە .

دکتۆر کەمال مەزهەر وەکو گەلێکی دی گوێی بەو فەرمانەی بەعسیان نەداو وبۆ چەند ساڵێك ژیانی زانستیی خۆی لەوێ بەسەر برد . دواییش یەکێ بوو لە دوا کەسەکانی گروپەکەی خۆی کە گەرایەوە بۆ عیراق . ئەوەش لە دوای 11 ئازاری 1970 کاتێ گەرایەوە ولە بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەکو مامۆستا دامەزرا .

دکتۆر کەمال مەزهەر لە سالاَنی مانەوەیدا لە یەکێتی سۆڤیەت کاتی بەفیرۆ نەدا وکۆمەڵێ وتار ولێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر بزاڤ ودۆزی کورد لە گۆڤاری (گەلانی ئاسیا وئەفریقا) وهەندێ بلاَوکراوەی تری سۆڤیەتیدا بلاَو کردەوە . هەروەها لە هەندێ پرۆژەی زانستیدا لە مەر مێژووی گەلی کورد بەشداری کرد . لەو وتارانەیدا هەوڵی داوە تیشك بخاتە سەر هەندێ لایەنی مێژووی هاوچەرخی کورد وگەلێ تێبینی لە سەر ئەو کتێبانە تۆمار کردووە کە ئەو دەمە لە سەر کورد وکوردستان وعیراق بلاَودەکرانەوە .

هەروەها هەوڵیدا ئینگلیزییەکەی بەهێز بکات بۆ ئەوەی بە باشی کەڵك لە بەڵگە ودەکومێنت وسەرچاوە ئینگلیزییەکان وەربگرێ .

ئەم فاکتەرە یارمەتی باشیدا بۆ لێکدانەوەی باری سیاسی، ئابوری ، کۆمەلاَیەتی باشوری کوردستان لە سالاَنی داگیرکەری ومەندەیتی بەریتانیدا.

لە هەموو ئەوانەش گرنگتر لە ماوەی شەش ساڵدا تێزی دکتۆرای ناووکەکەی ئامادە کرد کە لە ژێر ناونیشانی ( بزاڤی رزگاریخوازی لە کوردستانی عیراق لە سالاَنی 1918 –1958) بوو ولە 1969 بە سەرکەوتوویی لە مۆسکۆ بەرگری لێ کرد . دکتۆر کەمال مەزهەر یەکەمین کورد بوو ئەو بروانامەیەی وەرگرت . توێژەری وا هەبوو پێویستی بە دوو سێ ئەوەندە ساڵە هەبوو بۆ ئەوەی ئەو بروانامەیە بەدەست بێنێ . تێزی دکتۆرای ناووکەکەی دکتۆر کەمال لە سێ بەرگ کە 735 لاپەرە بوو پێکهاتووە .

ئەو بەرهەمەی دکتۆر کەمال مەزهەر گەنجینەیەکە لە زانیاری وبەڵگە ولێکدانەوە لە سەر دۆز وبزاڤی کورد لە باشوری کوردستان لە ماوەی چل ساڵی رەبەقدا. پشت قایم بە سەرچاوەی مێژوویی رەسەن ودەکومێنت وبەڵگەی زۆر بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، رووسی وئینگلیزی ئەو سەردەمەی مێژووی هاوچەرخی کوردی بە شێوەیەکی زانستیانە لێکداوەتەوەو بەرهەمەکەی بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ توێژینەوەی باری کورد لەو سەردەمەدا . بەدەگمەن سەرچاوەیەکی رووسی دەبینی باسی لە کورد کردبێ وپەنای بۆ ئەم کارە زانستیە نەبردبێ وئاماژەی پێ نەکردبێ (3) .

لە نێو رۆژهەلاَتناسان وکوردناساندا ئەو نێوێکی دیار بوو. لە سالاَنی خوێندنمدا لە مۆسکۆ دەیان جار لەو کەسانە پەسنی کارە زانستییەکانی دکتۆر کەمالم بیستووە. بۆ خۆشم هەرچی بە رووسی نووسیبوو خوێندۆتەوە

و کەڵکم لێ وەرگرتووە . بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر بە زمانی رووسی دەسپێکێك بوو بۆ لێکدانەوەیەکی زانستییانەی نوێی مێژووی هاوچەرخی کورد .

لەم بوارەدا نابێ ئەو راستییەش لە بیر بکەین کە ئێمە باس لە چل ساڵ بەر لە ئێستا دەکەین ، کاتێ سەرچاوە وزانیاری لە مەر کورد وکوردستان زۆر کەم بوون ودوای بەرهەمەکانی محەمەد ئەمین زەکی بە دەگمەن کارێکی زانستیی لەم بوارەدا ئەنجام درابوو .

هەروەها دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە یەکێتی سۆڤیەت وبەر لەویش رووسیای چاری ، لە بەر کۆمەڵێ هۆ ومەرجی مێژوویی وجوگرافی ، تەنها لانکەی کوردۆلۆجیا بوو. ئەو دەمە لە رۆژئاوا بەرهەمی زانستیی لە مەر مێژووی کورد وکوردستان بە دەگمەن بلاَو دەکرایەوە .

ئەو بایەخەی ئەورۆ بە باس وخواسی کورد دەدرێ وئەم شۆرشی زانیاری وئاگادارییەی ئێمە لە سایەییدا دەژێین ، کە مخابن کەم کەڵکی زۆرمان لێی وەرنەگرتووە ، وەکو خەونیش بە زیادەرۆیی دادەنرا .

یەكێ لە ئەلف وبێكانی زانستی مێژوو ئەوەیە كە دەبێ مرۆڤ ومێژوونووس ڕووداو وكارەكان لە چوارچێوەی كات وشوێنی ڕوودانیاندا بخوێنێتەوە. ئەركی مێژوونووس ئەوەیە هەوڵبدات مێژوو وەكو ڕوویداوە بنوسێتەوە ، نەك وەكو ئەوەی دڵ دەیخوازێ، بەگشتی كورد زۆر حەز لەمەی دواییان دەكات.

ئەزموونەكانی مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەیان بەباشی دەرخستووە كە ئەم جۆرە مێژووە تائێستا قازانجی بە هیچ گەل ونەتەوەیەك نەگەیاندووە . شێواندنی مێژوو لە بەر هەر هۆیەك بێت مایەی زیان بەخشینە، هەر هیچ نەبێ لە بەر ئەوەی ڕێگە لە نەوەكانی ئەورۆ دەگرێ لە ڕاستی ودروستی ڕووداوەكان تێبگەن وهەڵە وخەوشەكانی باو باپیران دووبارە نەكەنەوە .

بەرهەمەكانی دكتۆر كەمال مەزهەر لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا لەم ڕێچكەیە لایان نەداوە ، بۆیە میتۆدەكەی بۆتە قوتابخانەیەك بۆ هەموو ئەوانەی بە پەرۆشی مێژووی كوردەوەن. هەڵبەتە كەسانی بێ ئاگا وناشارەزا لە زانستی مێژوو بەشێوەیەكی جیاواز بیر لەم پرسانە دەكەنەوە .

ئەو باسانەی دكتۆر كەمال مەزهەر لە هەردوو تێزەكەیدا دەربارەی بزاڤ وسەرهەڵدانەكانی كورد لە بیستەكان وسییەكان وچلەكاندا هێنانێ كایەوە تاوەكو ئێستاش گرنگیی خۆیان لە دەست نەدواە. هەڵبەتە بەهۆی ئاشكرا بوون وبەدەستهێنانی بەڵگە وزانیاری نوێوە هەندێ لە ڕووداوەكان زیاتر ڕوون بوونەتەوە ونهێنی زیاتر ئاشكرا بوونە . لێ ئەوەندە نەبوونە دیمەنە مێژووییەكان سەر وبن بكەن و گۆرانی دراماتیكی بێننە كایەوە .

دكتۆر كەمال مەزهەر وەكو زانایەكی ڕاستەقینە وخاوەن ویژدان هەر كاتێ هەستی كردبێ لێكدانەوەیەكی یا بۆچوونێكی پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، یەكسەر ئەو كارەی كردووە وقەت لاری لەوە نەبووە ڕاستییەكان بخاتە ڕوو . ئەمەش خەسڵەتی مرۆڤی زانایە. مخابن ئەمە خەسڵەتێكی تا بڵێی نامۆیە بە جیهانی (ڕۆشنبیریی) كوردی كە هەر كەسە خۆی لێ بووە بە لوتكەیەكی پیرۆز وپێی وایە كە دید وبۆچوونەكانی نابێ جێگەی پرسیار ومشت ومر بن .

دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا لە دەمێكی كورتدا دكتۆر كەمال مەزهەر بووە نێوێكی دیاری دونیای نووسین وڕۆشنبیریی كوردی ئەو سەردەمە كە بەغدا ناوەندی هەرەگرنگی بوو . ئەو دەمە قوتابی ساڵی سێیەمی بەشی مێژوو بووم وتەنها كورد بووم لە كلاسەكەی خۆمدا. دكتۆر كەمال مەزهەر مێژووی نوێی ڕۆژهەڵاتی نزیكی پێ دەوتینەوە. مامۆستایەكی تا بڵێی لەبز شیرین وخۆشەویست بوو وڕێزی زۆری لە قوتابیان دەگرت . ئەو ڕووداوەكانی مێژووی  بە شێوازێكی جیاواز بۆ لێكدەداینەوە . زوربەی هاوپۆل وهاورێكانم كۆمۆنیست بوون وباس وخواسەكانی دكتۆر كەمال بە تەواوی سەرنجی ڕاكێشا بوون . بۆ یەكەمین جار لە مێژووی ئەو بەشەدا بابەتێكی پڕ لە زانیاری نوێی لە سەر مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی كورد تێكەڵ بە پرۆگرامی خوێندنی ئەو ساڵەمان كرد كە كاریگەری باشی لە سەر قوتابیان هەبوو .

دوای چەند مانگێك كە زانی كوردم ویەكەمی بەشەكەی خۆمم ئیدی وەكو برایەكی خۆی سەیری دەكردم ومنیش وەكو مامۆستایەكی زانا وبەڕێز. ئەو پەیوەندییەمان تاوەكو ئەورۆش هەر وایە. وانەكانی ئەو وایان لێكردم حەز لە زانستی مێژوو بكەم وهاندان وهەوڵی ئەو ڕۆڵی سەرەكیان بینی لە چوونم بۆ تەواوكردنی خوێندن وڕەخنەی دۆستانەی ئەویش بوو لە كتێبی (مێژوو) دا پاڵی پێوە نام دەست بە نووسین بكەم . ئەو بۆ من تەنها مامۆستا نەبوو بەڵكو نمونەی مرۆڤێكی زانا وكوردپەروە .

لەم دواییانەدا لە وەڵامی هەندێ كەسدا وتەیەكی جوانی فەرمووە كاتێ دەڵێ قەبووڵ ناكەم كەس لە من كوردتر بێ . ئەو وتەیە نە بێڕێزیی بۆ كەس تێدایە ونە نیشانەی لووت بەرزی ولە خۆ بایی بوونە كە دوو خەسڵەتی نامۆن بە كەسایەتی دكتۆر كەمال . ئاگادارم كە هەوڵی لە گەڵدا درا لە ئەنجومەنی حوكم ولێژنەی دەستور ئەو جۆرە شتانە بەشداری بكات، لێ ئەو داوای لێبوردنی كرد وداخوازی ئەوەی كرد كە خەریكی كاری زانستی خۆی بێ چونكە بە وتەی خۆی پرۆژەی زۆری لە پێشە وتەنها لە جیهانی نووسین ولێكۆڵچینەوەدا خۆی دەبینێتەوە .

دكتۆر كەمال مەزهەر بۆی هەیە كەس لە خۆی بە كوردتر نەزانێ چونكە ئەوەی ئەو لە ڕێگەی زانستەوە بۆ كوردی كردووە كەسی دی نەیكردووە . ئەگەر شەرەفخانی بدلیسی باوكی مێژووی كورد بێ ، كە دكتۆر كەمال مەزهەر لە دوای ڤاسیلیێڤا باشترین لێكۆڵینەوەی زانستی لە سەر ئەنجامداوەو، ئەگەر محەمەد ئەمین زەكی بەگ سەرقافڵەی مێژوونووسانی كورد بێ ، ئەوا دكتۆر كەمال بێ یەك ودوو ئەو زانا كوردەیە كە زانستی مێژووی لە دڵی خوێنەری كوردا خۆشەویست كرد ومێژووی گەلی كوردی لە چیرۆك وئەفسانە وباس وخواسی میر ودەرەبەگەوە گواستەوە بۆ مێژووی هەموو توێژەكانی كۆمەڵگە وبنەماكانی میتۆدی لێكۆڵینەوەی زانستیی لە نێو مێژوونووسانی كوردا بڵاو كردەوە .

دکتۆر کەمال لە هەفتاکاندا مرۆڤێکی زۆر چالاك بوو ولە چەند بوارێکدا بێ وچان کاری دەکرد . ئەو مامۆستا بوو لە بەشەکانی مێژوو وزمانی کوردی لە زانکۆی بەغداو لە هەمان کاتدا سکرتێری کۆری زانیاری کورد بوو. بەهەوڵەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر وچەند کەسێکی دڵسۆزی تر بوو کە کۆر بوو بە دەزگایەکی گرنگ لە ژیانی زانستی ورۆشنبیری کوردیدا . ئەو چەند ژمارەیەی گۆڤاری کۆر کە لەو سەردەمەدا بلاّوکراوانەوە گەواهی ئەوەن کە باشترین گۆڤار وهەوڵ بوو لە مێژووی رۆشنبیری کوردیدا .

هەر بەهەوڵی بێ وچانی ئەو بوو یەکەمین کتێبخانەی دەوڵەمەندی تایبەت بە کورد لە کۆر پێکەوە نرا. لە گەڵێ ولاّتەوە بە سەدان سەرچاوەی دەگمەنی لە مەر کورد وکوردستان پەیدا کردو لەوێدا کۆی کردنەوە . کۆر بەرهەمی دەیان نووسەر وشاعیری کوردی لەو چەند ساڵەی تەمەنیدا بلاّو کردەوە. یەکێك لە گرنگترین کارەکانی کۆر بلاّوکردنەوەی چاپی کوردی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی بوو . دوای نزیکەی چوار سەدە لە بلاّوکردنەوەی شەرەفنامە بە زمانی فارسی بە یارمەتی کۆر وهەوڵ کۆششی هەژاری شاعیر خوێنەری کورد توانی ئەو بەرهەمە هێژایە بەزمانی دایك بخوێنێتەوە (4).

لەم بارەیەوە دکتۆر کەمال نووسیوە دەڵێ (ساڵی 1973 هەژاری شاعیر بە یاریدەی کۆری زانیاری کورد کەلێنێکی زۆر گەورەی لە کتێبخانەی کوردیدا پر کردەوە بەوەی بە زوبانی کوردی شەرەفنامەی لە بەرگێکی قەشەنگدا بلاّوکردەوە . هەژار بەو کارە گەورەیەی قەرزی نیشتمانی بەسەر خۆیەوە نەهێشت وکۆری زانیاری کوردییش بەبلاّوکردنەوەی ئەرکێکی بایەخداری سەرشانی بەجێ گەیاند..چاپی کوردیی شەرەفنامە 1016 لاپەرە بوو)(5).

دکتۆر کەمال مەزهەر لە بەرهەمەکانی خۆیدا هەمیشە جێگەیەکی تایبەتی بە شەرەفنامەو شەرەفخانی بدلیسی داوە. ئەرکی پێداچوونەوە وبەراورد کردنی وەرگێرانەکەی هەژار وچاپە رووسی وعەرەبیەکان بەو سپێردرا بوو . لە گەڵ ئەو کارەیدا لێکۆڵینەوەیکی گرنگیشی لە مەر شەرەفنامە لە کوردناسی سۆڤیەتیدا نووسی ولە پێشەکی چاپە کوردیەکەدا بلاّو کرایەوە . یەکێ لە شاکارەکانی . کتێبی (مێژوو)ی کە یەکێ لە شاکارەکانێتی پێشکەش کردووە بەیادی پیرۆزی شەرەفخانی بدلیسی ومەلا مەحمودی بایەزیدی ومحەمەد ئەمین زەکی . هەر لەوێدا ئەو جێگەی بۆ باسی شەرەفنامە وخاوەنەکەی تەرخان کردووە بە کەسی تری رەوا نەبینیوە (6).

هەر لەو سەربەندەشدا دکتۆر کەمال بەرپرسی لاپەرەی رۆشنبیری کوردی بوو لە رۆژنامەی (التاخی) کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بەزمانی عەرەبی دەریدەکرد. ئەو سەردەمانە میدیای کوردی وەکو ئەورۆ گیرۆدەی دردی حیزبایەتی تەسك ودەستە ودایەرەی نەخوێندەوار نەبوو. نەك هەر رۆشنبیری سەربەخۆی کوردی وەکو دکتۆر کەمال لەو رۆژنامەیەدا کاریان دەکرد ودەیاننووسی ، بەڵکو هەرچی نووسەرانی لیبراڵ ودیموکراتخواز وچەپی عەرەب وگەلانی تری عیراق وهەموو ئەوانەی لە دژی پاوانخوازی وتۆتالیتاریزمی بەعس بوون لەو رۆژنامەیەدا جێگەیان دەبووەوە ووتارەیان بلاّو دەکردەوە.

دکتۆر کەمال مۆرکی خۆی لەو لاپەرەیە دابوو کە ببووە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری ورۆشنبیری بۆ خوێنەری کورد وتا ئاستێك عەرەبیش لەو سەردەمەدا. زنجیرە وتارەکانی لە مەر سەرهەڵدانی مەزنی ساڵی 1925 لە باکوری کوردستان دەتوانم خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە لێکدانەوەی مێژووی کوردا . بۆچوونەکانی دکتۆر کەمال لە مەر هۆ وسروشت وئەنجامەکانی سەرهەڵدانەکە ورووداوەکانی ولێکدانەوەی زانستیانەی دید وبۆچوونە جیاوازەکان وپەنا بردنە بەر سەرچاوەی جۆراوجۆر شتگەلی نوێ بوون لە ژیانی رۆشنبیری کوردیدا. لەم سالاّنەی دواییدا ئەو وتارانە لە دووتۆی کتێبێکدا کۆکرانەوە ولە بەیروت چاپ کرا (7) .

لەو سالاّنەدا دکتۆر کەمال مەزهەر کۆمەڵێ باسی وەکو ( ئوکتۆبەر ومەسەلەی کورد ) ، (سەرنجێکی نوێ بەرامبەر پەیمانی سێڤر ومسەلەی کورد ) ، (کام رێگە؟)، (کوردستان ولاّتی راپەرین وئەفسانە وهیوا ) و (کورد وکوردستان لە ئێنسکلۆپیدیای مێژوویی سۆڤیەتیدا) بلاّوکردەوە. لە تەك ئەو بابەتانەدا بایەخی زۆری دەدا بەو بەرهەمە زانستی وکتێبانە کە لە سەر کورد بە زمانی بیانی بلاّودەکرانەوە. بەو کتێبانەدا دەچووەوە ورەخنەی زانستی لە سەریان تۆمار دەکرد ، وەکو کتێبەکانی لازەرێف وئیگلتن وجەلیلێ جەلیل وگەلێکی تر .

ئەو وتار وباسانەی لەو رۆژنامە وگۆڤارە کوردییانەدا بلاّو دەکردەوە کە ئەو دەمە دەردەچوون وەکو (برایەتی) و (رۆژی کوردستان) و(بەیان) (التاخی) (هاوکاری ) . ژمارەکانی گۆڤاری (کۆری زانیاری کورد)یش بە بەردەوامی بێ لێکۆڵینەوەی ئەو نەبوون لە مەر مێژووی کورد وکوردستان . هەندێ لەم باس وتوێژینەوانە دوایی وەکو بەشێك لە کتێبی (چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد) وهەندێکی دیشیان لە کتێبی (کوردستان لە ساڵەکانی شەری یەکەمی جیهاندا) ( تێگەیشتنی راستی ) دا بلاّوکرانەوە .

لای هەمووان ئاشکرایە کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە کوردستان بێ شەر وشور بوو بزاڤی کولتوری وچاپەمەنی لە گەشەکردندا ودکتۆر کەمالیش یەکێ لە نێوە هەرە دیارەکانی ئەو ساڵانە بوو.

لە ساڵی 1973 کێشەکانی نووسینەوەی مێژووی کورد ورەهەند وخەسڵەتە سەرەکیەکانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردی خستە بەردەم دوو کۆنگرەی مێژوویی نێونەتەوەیی ، یەکەمیان لە بەغدا لە رۆژانی 25 –30 مارت وئەوی تریان لە پاریس لە رۆژانی 16 – 22 تەممozی 1973 بەستران . هەوڵ وشوێن پەنجەی لە سەر بریارەکانی ئەو کۆنگرانە لە بارەی کوردەوە بەباشی دیار بوون (8).

هەڵگیرسانەوەی ئاگری شەر لە کوردستان لە بەهاری 1974 ئەو بریارانە ودەیان بریار وپلان وبگرە سەرجەم چارەنووسی گەلی کوردی بەلایەکی تردا برد. دکتۆر کەمالیش وەکو کوردپەروەرێکی راستەقینە دەبوایە هەر لەو سەنگەرەدا بوایە کە هەڵیبژارد. لە چیاکانی کوردستان بۆ زیاتر لە ساڵێك لە دەزگاکانی راگەیاندنی شۆرشدا بەرپرسیارێتی گرنگی هەبوو وچالاکانە کاری دەکرد. وەکو زانایەك کە گرنگیی بەڵگە ودەکومێنتی دەزانی هەوڵی رزگارکردنی گەلێ بەڵگەی شۆرشی لە فەوتاندا کاتێ رەوانەی بەیروتی کردن. مخابن وادەزانم لە ئاگری شەری نێوخۆی لوبناندا تێدا چوون .

دواى شکستی شۆرش دکتۆر کەمال گەرایەوە سەر کارەکەی خۆی لە زانکۆی بەغدا بەلام رێگەی کۆری زانیاری کوردی لێ گیرا. لەو کاتەوە بریاریدا لە سیاسەتی رۆژانە خۆی بە دوور بگرێ ولە رێگەی پیشەکەی خۆیەوە وتوێژینەوەی زانستییەوە خزمەتی گەلەکەی بکات. لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا لەم رێگەیە لای نەداوە وشەوی خستۆتە سەر رۆژ بۆ لێکدانەوەی مێژووی کورد وکوردستان وروونکردنەوەی کونجە تاریکەکانی .

هەر لە ساڵی گەرانەوەیدا بۆ بەغدا یەکێ لە بەرهەمە هەرە دیارەکانی ( کوردستان لە ساڵەکانی شەری یەکەمی جیهاندا) بلاوکردەوە (9). ئەم بەرهەمەی دکتۆر کەمال مەزهەر پێشوازی زۆری لێ کرا . بۆ یەکەمین جار بە زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەو جۆرە لە مەر سەردەمێکی مێژوویی گەلێ ئاڵۆزی کوردستان لە لایەن پسپۆرێکی کوردەوە ئامادەکرا وبلاوکرایەوە . تەنانەت ئەوانەی دژی وشەی کوردستان بوون وپێچەوانەی بۆچوونەکانی دکتۆر کەمال بیریان دەکردەوە ناچار بوون دان بەوەدا بنێن کە کارەکەی کارێکی زانستی گرنگە دەربارەی بابەتێکی نوێ کە مێژوونووسان لە سەر رانەوەستاون .

یەکێ لەو بابەتانەی دکتۆر کەمال بە بەوێژدانی زاناوە لەو کتێبەیدا باسی لێوە کردووە ئەوەیە کە (هەندێ) ئاغا ودەرەبەگی کورد (لە ئالای حەمیدیە) دەستیان بە خوێنی ئەرمەنەکان سوور بووە . لە تەك ئەوەدا دەیان بەڵگە ونمونەی هێناوەتەوە کە چۆن کورد بە هەزارەها ئەرمەنیان لە مردن رزگارکردووە .

دواى زیاتر لە سی ساڵ بە سەر بلاوکردنەوەی ئەو کتێبەدا هێشتا هەندێ کەسانی بێ ئاگا لە مێژووی کورد ئەو هەڵوێستەی دکتۆر کەمالیان بۆ قوت نادرێ. سەیرەکە لەوەدایە ئەمانە ئاگاداری تاوانەکانی جاش وخۆفرۆشانی کوردن لە دژی گەلەکەیان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی لە باشوری کوردستان لە سەردەمی ئەنفال وهەموو ئەو کارەساتانەی بەعس بەسەر کوردیا هێنا.

جاشگەلێك بتوانن لە کۆتایی سەدەی بیستەمیندا ئەو هەموو تاوانکارییە بەرامبەر هاوخوێن وهاونیشتمان وهاوزمانی خۆیان لە پێناوی چەند دینارێکدا بکەن ، بۆ دەبێ بەلامانەوە سەیر بێ ئەو تاوانانە لە دژی کەسانێ بکەن کە هاوئاین وهاوخوێن وهاوزمانیان نین ، با باسی بریق وباقی لیرەی زێرینی مەجیدی ورەشادیشی لەولاوە بوەستێ .

جاشەکانی ئالای حەمیدیە وەکو جاشەکانی سەلاحەدین وسوکە وپاسەوانانی گوند وپیشمەرگەهای ئیسلام ..تاد بەشێکن لە هێزی چەکداری دەوڵەتانی داگیرکەر ودام ودەزگاکانیان وهەرچیان کردووە ودەیکەن بە پلان وفەرمانی ئەو دەوڵەتانە کردوویانە ودەیکەن .

ئەوانەی لەم بارەویەوە رەخنە لە دکتۆر کەمال دەگرن نەهاتوون لە بەر رۆشنایی بەڵگە وسەرچاوەی مێژوویی وبە میتۆدی زانستیی لە لێکدانەوەکانی ئەو بکۆڵنەوەو وبۆچوونی نوێمان پێشکەش بکەن . بۆ نموونە مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ بۆچی دکتۆر کەمال جێگەی زۆری بۆ هێرش وکوشتاری چەکدارە ئەرمەنەکان لە دژی کورد وموسوڵمانانی دی تەرخان نەکردووە . ئەو چەکدارانە کە لە پێشەوەی سوپای رووسیاوە هێرشیان دەهێنایە سەر دەڤەرە کوردییەکان تاوانی گەورە وترسناکیان لە دژی موسوڵمانانی ئەو ناوچانە ئەنجام دەدا. هەروەها مرۆڤ دەتوانێ رەخنەی ئەوە لە دکتۆر کەمال بگرێ کە متمانەی زۆری بە سەرچاوە ئەرمەنیەکان کردووە .

دکتۆر کەمال لە وەلامی هەندێ لەوانەی لە کاتی خۆیدا لە بارەی کوشتاری ئەرمەنەوە رەخنەیان لێگرتبوو دەڵێ ( تەقەللایەکی زۆرم دا بۆ ئەوەی چەند بتوانم هێند وەك بێ لایەنێك ئەو داستانە یەکالا بکەمەوە، ئەو کارەی، وابزانم، گەیاندمییە چەند

ئەنجامێكی دروست:1.بەداخەوە بەشێك لە كورد،نەك گەلی كورد، تێكەڵ بە كوشتاری ئەرمەن بوون ، دەستیان بە خوێنی منداڵ وئافرەتی بێ تاوانی ئەرمەن رەش بوو. 2. كوشتاری ئەرمەن ئەنجامی هەستی ئاینی كوێرانەی كورد نەبوو، بەڵكو بەرهەمی پیلانێكی رێكخراوی تاقمێك فەرمانرەوای شۆڤێنی عوسمانی بوو كە توانیان بەشێك لە كورد بكەنە یەكێك، بەڵێ تەنها یەكێك لە داردەستە نەزانەكانیان. 3. زوربەی گەلی كورد بێلایەن وەستان ، بەلاّم زۆریشیان دەستی یاریدەی برایانەیان بۆ لێقەوماوانی ئەرمەن درێژ كرد. ئەم ئەنجامانەم بە پشتیوانی گەلێك بەڵگەو سەرچاوەی مێژوویی رەسەن ودەگمەن روون كردەوە كە پێموایە پاكانەیەكی زانستییە بۆ ئەو لەكەیەی مێژووی نوێی كورد ) (10).

كتێبی (كوردستان لە ساڵەكانی شەری یەكەمی جیهاندا) كرا بە عەرەبی وتوركی وئینگلیزی وئەو بەشەی لە سەر كوشتاری ئەرمەن بوو كراوە بە فەرەنسی وئەرمەنیش .

ساڵانی دوای 1975 دكتۆر كەمال مەزهەر هەموو كاتی خۆی بۆ وانەوتنەوە وتوێژینەوەی زانستی تەرخان كرد . بە ساڵان رۆژانە شازدە كاتژمێر كاری دەكرد ، تەندروستی خۆی لەو رێگەیەدا لە دەستدا ، هەرچەندە كۆمەڵێ بەرهەمی نایابی وگرنگی بلاّوكردەوە.یەكێ لەو بەرهەمانە كتێبی (تێگەیشتنی راستی وشوێنی لە رۆژنامەنووسیی كوردیدا ) بوو كە لە ساڵی 1978 دا لە بەغدا بە چاپی گەیاند(11).

ئەم كتێبەی دكتۆر كەمال بەرهەمی كارێكی پر لە زەحمەتی بوو. ئەو ناچار بوو هەموو ژمارەكانی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) بە دەستی خۆی بنووسێتەوە چونكە دەرفەتی كۆپی كردن لە كتێبخانەكانی عیراقدا لە ئارادا نەبوو . لە تەك باسی رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی) ونێوەرۆك وبابەتەكانی، دكتۆر كەمال دوو پاشكۆی لە مەر ناو وشوێن وكاتی دەرچوونی رۆژنامە وگۆڤارە كوردییەكان لە دووتۆی ئەم كتێبەدا بلاّوكردۆتەوە . ئەم پاشكۆیانە بۆ خۆیان بیبلیۆگرافیایەك بوون بۆ رۆژنامەگەریی كوردی . (تێگەیشتنی راستی ) بوو بە یەكێ لە سەرچاوە گرنگەكانی مێژووی رۆژنامەگەریی كوردیی .

دكتۆر كەمال مەزهەر وەكو مرۆڤێكی پێشكەوتنخواز لە بەرهەمەكانی خۆیدا شوێنێكی تایبەتی بۆ ژنانی كورد تەرخان كردووە وكۆمەڵی وتاری بەپێزی لە سەر ژنانی پێشەنگ لە بواری خوێندن وفێركردن وخەباتی ژنان وكۆمەلاّیەتی وهاوسەرانی نووسەران ورۆشنبیران نووسیوە. كتێبی (ئافرەت لە مێژوودا)ی پێشكەش كردووە بە (ئافرەتی سەربەرزی كورد، بەو دایك وخوشك وكیژە دڵسۆزانەی سەرمان پێیان گەیشتۆتە كەشكەلاّنی فەلەك) (12).

وەكو كەسێك كە ژیانی بۆ لێكدانەوەی مێژووی كورد تەرخان كردووە ئەو راستیە باش دەزانێ كە مێژوونووسان تەنها بایەخیان بە مێژووی سیاسی كورد داوە ومێژووی كۆمەلاّیەتی، كولتوری وشارستانی وئابوری ئەم گەلە لای كەمی لێ كراوەتەوە. لێرەوەیە گرنگیدانی ئەو بە مێژووی خوێندن وفێركردن وژیانی پارتایەتی ورێكخراوەیی

لە كوردستان ورۆڵی ژنی كورد لە كۆمەڵگەی كوردیدا وباس وخواسی چینی كرێكار ودەرەبەگ ودەرەبەگایەتی لە عیراق وكوردستان (13).

تەرخان كردنی زوربەی كات بۆ لێكدانەوەی مێژووی كورد رێگەی ئەوەی لە دكتۆر كەمال نەگرت لە مەر پرسە مێژووییەكانی عیراق ورۆژهەلاّت وجیهان بەرهەمی زانستی بلاّو بكاتەوە. یەكێ لەو بەرهەمانەی كە بە زمانی عەرەبی بوو وبۆ پرسە مێژووییەكانی رۆژهەلاّتی نێوەراست تەرخانی كردبوو بەم ناونیشانە بوو (چەند تیشكێك لە سەر دۆزە نێودەوڵەتییەكان لە رۆژهەلاّتی نێوەراست) (14).

یەكێ لەو بوارە زۆرانەی كە دكتۆر كەمال مەزهەر تێیاندا سەركەوتووە ئەوەیە كە هەر بابەتێكی لە بەشی مێژوو یا كۆلێجەكانی تری زانكۆی بەغدا دەوتەوە بەدواداچوونی تایبەتی خۆی تێدا دەكرد ووەكو مامۆستایانی دی پەنای نەدەبردە بەر كتێبی مەنهەجی وخۆ دووبارە كردنەوە.بۆیە دوای چەند ساڵێك لە وتنەوەی ئەو بابەتانە دەبوونە بەرهەمی نایاب وپێشكەشی خوێنەرانی كورد وعەرەبی دەكرد.

وتار ولێكۆڵینەوە وكتێبەكانی لە مەر مێژووی ئەوروپا وئێران وتوركیا وولاّتانی رۆژهەلاّتی نزیك ونێوەراست بەرهەمی ئەو پرۆسەیە بوون. لە بواری مێژووی ئەوروپادا كتێبەكانی ( رینەسانس ) و(میكیاڤیللی ومیكیافیللیزم) ووتارەكانی لە مەر (ئەركی رۆشنبیرانی كورد لە بەر رۆشنایی ئەزمونەكانی رینەسانس)(15) ئەم بۆچوونە پشت راست دەكەنەوە .

www.dengekan.com

باس وخواسەكانی رینەسانس وئەزموونی پێشەنگەكانی (دانتی ، پیترارك ، بۆكاشیۆ ، ئیرازمۆس ، تۆماس مۆر ، داڤێنشی ، مایكڵ ئانجیلو ، رەفائێل ، لۆرێترۆ ڤالا ، میكیاڤیللی ، وشەكسپیر وسێرڤانتس ودەیانی دی باسگەلی نوێ بوون لە دونیای رۆشنبیری كوردیدا.

دووبارە دەبێ ئەوە بەیادی خوێنەران بێنینەوە كە ئێمە باس لە بیست سی ساڵ بەر لە ئەورۆ دەكەین . پێموایە نابێتە زێدەرۆیی گەر بڵێم ئەو بەرهەمانەی دكتۆر كەمال دەروازیەكیان لە بەردەم رۆشنبیرانی كوردا كردەوە .

ئەو كتێبەشی كە لە سەر مێژووی نوێ وهاوچەرخی ئێران بوو بریتی بوو لە كۆمەڵێ توێژینەوەی زانستی لە مەر پەیوەندییەكانی ئێران ورووسیا ، عیراق وئێران لە نێوان سازانۆف وگرای ، رەزا مازەندەرانی ودەرباری ئێران ، زانیاری لە سەر دەزگای ئاینی ئێران. وادەزانم لە هەموو ئەوانە گرنگتر بۆ دكتۆر كەمال ئەو بابەتەی كتێبەكە بوو كە لە ژێر ناونیشانی (فاكتەكانی خەباتی رزگاریخوازی كورد لە ئێران ) كە چل لاپەرەی كتێبەكەی بۆ باس وخواسەكانی تەرخان كردبوو . دەتوانم بڵێم كە تاوەكو ئەو كاتە ئەوە باشترین باس بوو كە بە كوردی یا بە عەرەبی لە سەر بزاڤی رزگاریخوازی كورد لە ئێران بڵاو كرابێتەوە . بەشێكیشی بۆ مێژووی خەباتی رزگاریخوازی ئازەربایجان لە ئێران تەرخان كردبوو (16).

بە پێچەوانەی لێكدانەوەی هەندێ كەسەوە كاربەدەستانی زانكۆی بەغدا وبەرپرسان لە كار وباری چاپەمەنی وبڵاوكردنەوە هەوڵی زۆریاندا بوو ئەوەی ئەو بەرهەمە لە سەر ئێران بڵاونەبێتەوە ، چونكە بە وتەی خویان لە خزمەتی (پلانی پێنج ساڵەدا نەبوو). لێ راستیەكەی ئەوە بوو كە وەكو هەموو بەرهەمەكانی تری دكتۆر كەمال لێرەشدا لە هەوڵی فاكتەكانی مێژوودا دابوو وگوێی بە قسە هەلەق وبەلەقەكانی وشەفرۆشان ومێژوونووسانی دەرباری سەدام نەدابوو ، كە لە ژێر پەردەی درۆیەكی زلدا كە نێویان لێنابوو (سەر لەنوێ نووسینەوەی مێژوو) ، كەوتبوونە شێواندنی مێژوو وخەریكی رەگەز گۆرینی رابەرانی مێژوو بوون بە حەزرەتی ئادەمیشەوە وعەودالی هەواڵی دوژمنایەتی عەرەب وفارس بوون بەدرێژایی مێژوو .

شۆرشی ساڵی 1920 لە عیراق یەكێ لەو بابەتە مێژووییانەیە كە سەرەنجی دكتۆر كەمال مەزهەری راكێشاوە. گەلێ وتار ولێكۆڵینەوەی بە عەرەبی وكوردی لە مەر ئەو رووداوە گرنگەی مێژووی عیراق بڵاوكردۆتەوە (17).

(رۆڵی گەلی كورد لە شۆرشی بیستدا) یەكێ لەو كارانەی دكتۆر كەمالە كە لە لایەن هەندێ كەسەوە لێكدانەوەی جودای لە مەر نووسراوە. یەكێ لە خوێندنەوە نادروستەكان بۆ ئەم كتێبە ئەوەیە گوایە دكتۆر كەمال هەوڵیداوە شۆرشەكانی شێخ مەحموود بكاتە بەشێك لە شۆرشی بیستی عیراقی وبەم كارەی خەسڵەتی رزگاریخوازانەی ئەو شۆرشانەی خستۆتە ژێچر پرسیارەوە .

ئەوێ كە تێزی دكتۆرای فەلسەفەكەی بۆ <u>خەباتی رزگاریخوزای كورد لە باشوری كوردستان</u> لە ساڵانی 1918 –1932 ودكتۆرای ناووكەكەی بۆ هەمان خەبات لە ساڵانی 1918 –1958 تەرخان كرددوە وبەسەریەكەوە زیاتر لە هەزار لاپەرن ، <u>شێخ مەحموود وشۆرشەكانی بەشی شێریان لەو لێكۆڵینەوانەدا بەركەوتووە</u> ، چۆن دێ ئەو هەموو زانیاری ولێكدانەوانەی خۆی لە مەر بزاڤی رزگاریخوازی كورد بە رابەرایەتی شێخ مەحموود دەخاتە ژێر پرسیار وگومانەوە ودەیكاتە بەشێك لە بزاڤی گەلێك یا ولاتێك كە لە ساڵی 1920 هێشتا دروست نەكرا بوو .

خوێندنەوەی كتێبەكەی دكتۆر كەمال لە مەر شۆرشی بیست بۆچوونێكی واپشت راست ناكاتەوە .بەڵام دكتۆر كەمال مەزهەر لە بەرامبەر مێژوونووسانی شۆڤێنی عەرەب كە یا هەر باسی كورد ناكەن یا بە خراپە باسی سەرهەڵدان وسەركردەكانی دەكەن ، لە وەڵامی ئەمانەدا كۆمەڵێ رووداوی خستۆتە روو كە ئەوە پشت راست دەكەنەوە كە كورد لەوان زیاتر روو بە رووی داگیركەری بەریتانی بۆتەوە . هەندێ لە هەڵچوون وراپەرینەكانی كوردیش هەڵبەتە لە دەور وبەری شۆرشی بیستدا روویانداوە .

دكتۆر كەمال وەكو پسپۆرێك لە بواری مێژوودا ناتوانێ رووداو وكەسایەتییە مێژووییەكان لە دەرەوەی كات وشوێن وبە دابراوی لە دەرو بەرو وپێشهات وئاڵ وگۆرەكان بخوێنێتەوە .

ئەگەر بە قسەی گەلێ لە <u>نووسەران وسیاسەتمەدارانی</u> ئەورۆی كورد بكەین ئەوا دەبێ خەتێكی راست وچەپ بێنین بە سەر سەردەمی كۆڵۆنیالیزما لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چونكە ئەمریكا وبەریتانیا رژێمی خوێنرێژی بەعسیان لە نێوبرد وئەورۆ خۆشەویستی كوردن. لە بەریتانیا وفەرەنسا وهەموو ئەو ولاتانەی لە كاتی خۆیدا خاوەن كۆڵۆنیا بوون داخوازییەكی لەو جۆرە لە ئارادا نیە چونكە ئەوە بەشێكە لە مێژوو وبە خواستی كەس ناسرێتەوە.

هەڵبەتە سیاسەتمەدار ونووسەری هەلپەرست دەتوانن هەڵویستی خۆیان 180 پلە بگۆرن ولەو پەری چەپەوە باز بدەنە ئەو پەری راست ، لێ ئەوە ئاكاری مرۆڤی زانا وئەكادیمی نیە. ئەو تەنها ئەو كاتە كە زانیاری نوێ پەیدا دەبن وگومان دەخەنە سەر ئەوانەی

www.dengekan.com

پێشوو ناچار دەبێ بە بۆچوونەکانی خۆیدا بچێتەوە . شۆرشی بیست لە دژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی بووە ولە گەلێ ناوچەی کوردستانیش خەڵك لە دژی داگیرکەری بەریتانی سەری هەڵداوە وهەوڵی رزگارکردنی وڵاتەکەی داوە . ئەمە راستیەکانی مێژوون ، رزگاکردنی کورد وگەلانی تری عیراق لە رژێمی سەدام حوسێن لە لایەن ئەمریکا وبەریتانیاوە لەم راستیانە هیچ ناگۆرن .

لەم دواییانەدا کاتێ لە ئیسماعیل بێشکچی دەپرسن ، ئەوە چیە سەرۆکی پەکەکە بەبالآی کەمالیزمدا هەڵدەدا وبە ئیدیۆلۆجییەکی پێشکەتنخواز وداد پەروەری دادەنێ ، کە چی تۆ ولە رابردوودا ئەوانیش بە دوژمنی هەرە گەورە وترسناکی کوردتان لە قەڵەم دەدا وهەموو هەوڵتان بۆ ئەوە بوو کورد لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی رزگار بکەن. ئەویش بە شێوازەکەی خۆی وتبووی پارت وکەسانی سیاسی دەتوانن بیر وبۆچوونەکانی خۆیان بگۆرن، لێ مرۆڤی ئەکادیمی وشارەزا تەنها ئەو کاتە هزری خۆی دەگۆرێ کاتێ بەڵگە وزانیاری نوێ پەیدا دەبن وئەوانەی پیشوو بەدرۆ دەخەنەوە ومن هیچ شتێکی لەو جۆرە لەم بوارەدا لە ئارادا نابینم .

کتێبی (مێژوو) شاکارێکی تری دکتۆر کەمال بوو کە پێموایە هەڵوێستی زوربەی خوێنەرانی کوردی لە مەر زانستی مێژوو گۆری. دوای کورتە باسێکی مێژوو وگەشتی زانستی مێژوو لە یۆنانی کۆنەوە تاوەکو هەشتاکانی سەدەی بیست هاتۆتە سەر باسی مێژوونووسیی کوردی ونێوە دیارەکانی ئەم بوارەمان پێدەناسێنێ لە ئیبن ولئەسیرەوە تا دەگاتە ئەوانەی لە هەشتاکاندا خەریکی باس وخواسی مێژووی کورد بوون .

لە تەك ئەو باسە گرنگانەدا بیبلیۆگرافیایەکی مێژوونووسیی کوردی بلآوکردۆتەوە کە976 ناونیشانی گرتۆتە خۆی. ئەم بیبلیۆگرافیایە بۆ خۆی کارێکی زانستی تا بڵێی گرنگ وپێویستە ودکتۆر کەمال بەم کارەی یارمەتیەکی گەورەی پێشکەش بە مێژوونووسانی کورد کردووە (18 ).

سەرباری هەموو ئەو کارانەی دکتۆر کەمال بەوە ناسراوە کە کاتێکی زۆر بۆ ئەو قوتابیانە تەرخان دەکات کە خەریکی ئامادەکردنی نامەی ماستەر ونووسینی تێزی دکتۆران. هەروەها بایەخی زۆر دەدات بەو نامە وتێزانەی بەشداری لە گفت وگۆیان دەکات ، بە وردی دەیا نخوێنێتەوە وسەرنج وبیر ورای خۆی لە سەریان دەخاتە روو، کە دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەو بەرهەمانە. رەنگبێ ژمارەی ئەو نامە وتێزانەی کە دکتۆر کەمال سەرپەرشتی کردوون یا لە گفت وگۆیاندا بەشداری کردووە ئێستا خۆی لە سەدان بدات. باوەر ناکەم نامە وتێزێکی سەرکەوتوو لە بواری مێژووی نوێی کورد وعیراق وولآتانی رۆژهەلآتی نزیك لەم بیست سی ساڵەی دواییدا لە عیراق ئامادە کرابێ وشوێن دەستی دکتۆر کەمالی پێوە دیار نەبێ . سالآنە دەیان قوتابی لە زانکۆ جیاوازەکانی عیراقەوە روو لە دکتۆر کەمال دەکەن بۆ ئەوەی ئامۆژگاریان بکات ورێناماییان بکات . ئەوەندە میهرەبانە باوەر ناکەم قەت دەستی بەرووی کەسەوە نابێ ودەستی یارمەتی بۆ درێژ نەکردبێ. ئەم کارانە کات وتواناى زۆریان لەو بردووە

کە دەیتوانی بۆ توێژینەوەکانی خۆی تەرخانیان بکات . لێ لە بەرامبەر ئەوەدا ئەو خۆشەویستی ورێزی خەڵکی بەدەستهێناوە. ئەمەش ئاکاری زانای راستەقینەیە کە زانیاری وئەزموونە تایبەتیەکانی خۆی پێشکەش بەخەڵك دەکا وبەو شێوەیە ئەرکی رۆشنبیری خۆی دەبێنێ ونمونەی مرۆڤی زانستپەروەر پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکات .

یەکێ لە خەسڵەتە جوانەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر وەکو چەند جارێ لە خۆیم بیستووە ئەوەیە کە بەبێ خۆ ئامادە کردن ناچێتە پۆلی وانەوتنەوە. هەر بۆیە وانەکانی هەمیشە پرن لە زانیاری نوێ وسەرنجی قوتابیان رادەکێشن. یەکێ لە دیاردە خراپەکانی زانکۆکانی ئێمە خۆ دووبارە کردنەوەی مامۆستایانە وبەسەرچوونی ئەو بابەت زانیارییانەیە کە پێشکەشی قوتابیانی دەکەن .

کەسایەتیەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد جێگەی بایەخی دکتۆر کەمال بوونە وگەلێ دیداری لە گەڵدا کردوون ووتاری لە بارەیانەوە نووسیوە . کەڵکی زۆری لە بیرەوەرییەکانیان وەرگرتووە بۆ دەوڵەمەند کردنی لێکۆڵینەوە زانستیەکانی لە مەر مێژووی هاوچەرخی کورد. کەسانی وەکو ئیسماعیل حەقی شاوەیس، عەلی سیدۆ الگۆرانی ، ئەحمەد خواجە ، عەلائەدین سوجادی ، رەوشەن بەدرخان ، ئەحمەد تەقی ، فاتمە محێدین وگەلێکی تر جێگەی رێز وستایشی ئەو بوون ، سەردانی کردوون وبیرەوەرییەکانیانی لای خۆی تۆمار کردووە ، بە هەوڵ وکۆششی ئەو بوو بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی فوئاد عارف بلآوکرایەوە . هەر ئەویش بوو بیرەوەرییەکانی دوا سەرەك وەزیرانی عیراقی سەردەمی پاشایەتی ئەحمەد موختار بابانی بلآوکردەوە (19).

دکتۆر کەمال مەزهەر باوەری وایە کە (مێژوو زانستێکی وشك وبرنگ نیە ، بەرهەمەکانی وەکو ئەدەب بۆ هەمووانە نەك تەنها بۆ شارەزایان لە بەر ئەوە پێویستە شێوازی نووسینەوەی رووداوەکانی رەوان ودڵگیر ، ئاودار ونازدار بێت تاوەکو بە ئاسانی برژێتە ناو هەست ودەرونی خوێنەرەوە. بۆ رازاندنەوەی بەرهەمەکانی مێژوونووس بە ئاسانی دەتوانێت پەنا بەرێتە بەر شیعر وئەدەب وداستان

**وئەفسانە وپەندی پێشینان وقسەی نەستەقی باو وباپیران وگاڵتە وگەپ وفۆلکلۆر وبەسەرهاتی دانسقە وخۆش وناخۆشی کۆمەڵانی خەڵك** )(20).

**لە هەموو بەرهەمەکانیدا ئەو شێوازە بەرچاوە . ئەو هەمیشە بە کوردییەکی رەوان وبە شێوازێکی دڵرفێن رووداوە مێژووییەکان بۆ خوێنەرانی خۆی دەگێرێتەوە ولێکیان دەداتەوە . ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە ئەم ستایلەی کاری نەکردۆتە سەر ناوەرۆکی زانستیانەی بەرهەمەکانی. زمانی شیعر وئەدەب زاڵ نەبووە بەسەر زمانی زانست ولێکدانەوەی فاکت وزانیارییەکاندا .**

**لە سەرەتای نەوەدەکانەوە زۆر ئاگاداری نووسین وبەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر نەبووم هەرچیم هەرچەندە چنگ کەوتبێ خوێندوومنەتەوە . کاری کاك عەبدوڵا زەنگەنە راز بێ کۆمەڵێ باشی لە وتارەکانی ئەو ساڵانەی دکتۆر کەمال مەزهەر کۆکردەوە ولە دووتۆی کتێبێکی** 621 **لاپەرەیدا لە ساڵی** 2001 **وەکو بەشی دووەمی (چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد ) لە هەولێر بە چاپ گەیاند**(21).

**لەم بەرهەمەیدا دکتۆر کەمال مەزهەر کەڵکێکی زۆری لە بەڵگە ودەکومێنتەکانی بەریتانیا وعیراق لە مەر کورد وکوردستان وەرگرتووە وگەلێ لایەنی مێژوو وبزاڤی رزگاریخوازی کوردی لە بەر رۆشنایی ئەو بەڵگە مێژووییانە**
**بۆ خوێنەران ونەوەکانی داهاتوو روون کردۆتەوە .**

**لە بەر رۆشنایی ئەو دیدەی کە دەڵێ هەموو نەوەیەکی نوێ خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پرس ودەقە مێژووییەکان کە لە گەشەکردنی زانست وبیر وزانیاری وبەڵگەی نوێ وئەزموونی نەوەکانی خۆی وپێش خۆیەوە سەرچاوە دەگرن ، دکتۆر کەمال مەزهەر لەم ساڵانەی دواییدا هەڵسەنگاندنی نوێی دەبارەی کۆمەڵێ لە کەسایەتی وفیگورەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد وعیراق پێشکەش کردووە وەکو سەعید قەزاز ، موشیری حەمەی سلێمان ، نوری سەعید وگەلێکی دی . هەڵبەتە هەندێ لەم بوچوونانە دەتوانن مایەی مشت ومر بن . رەنگبێ هەندێ کەس بەتایبەتی ئەوانەی گیرۆدەی قەفەزی ئیدیۆلۆجی دەفکرتوون یا بیر لەو مێژووە دەکەنەوە کە دڵ دەیخوازێ نەك ئەوەی لە راستیدا روویداوە ، ئەم دید وبۆچوونانەی دکتۆر کەمالیان بۆ قووت نەدرێ .**

**دکتۆر کەمال مەزهەر دوای کەوتنی رژێمی سەدام حوسێن زوو هاتە دەست وبەرهەمێکی گرنگی لە بارەی کێشەیەکی سەرەکی ویەکێ لە گرێ کوێرەکانی دۆزی کورد لە باشوری کوردستان خستە بەردەم بریاردەران و سیاسەتمەداران ورۆشنبیرانی کورد وعەرەب ، مەبەستم کتێبی (کەرکوك ودەروبەرەکەی، حوکمی مێژوو وویژدان)**(22) .

**دکتۆر کەمال ئەم بەرهەمەی ( پێشکەش بەو عەرەبانە کردووە کە نایانەوێ زۆردار بن بەو ئەندازەی نایانەوێ زۆرلێکراو بن). لەم بەرهەمەیدا دکتۆر کەمال مەزهەر راستییە مێژووییەکان لە مەر کوردستانێتی کەرکوك لە بەر رۆشنایی بەڵگە وسەرچاوە مێژوویی رەسەنەکان دەخاتە بەردەم هەموو لایەك .**

**خەمی کەرکوك وهەموو ئەو دەڤەرانەی تری کوردستان کە وەبەر شاڵاوی پاکتاوی رەگەزی بەعس کەوتن خەمێکی هەمیشەیی دکتۆر کەمال بووە ورۆڵەکانی ئەو ناوچانە کە قوتابی ودۆست وئاشنای دکتۆر کەمال بوونە دەزانن ئەو چەندە لە هۆڵی ئەوەدایە کە پێگەی کورد لەو شار ودەڤەرانە بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی نەیاران زەبریان پێ نەبەن.**

**رێز وخۆشەویستی خەڵك بۆ دکتۆر کەمال ونێو ونێوبانگی وەکو زانایەك ورۆشنبیرێکی گەورە وکەسایەتی پر لە سۆز ومرۆڤدۆستی ئەو بوونە کێچ وکەوتنە کەوڵی ئەوانەی پەتای دەردەکوردە دەمێکە زەبری پێ بردوون وهەوڵی زۆریاندا لە رێگەی راپۆرت نووسین وقسە وقسەڵۆکەوە بە فتاراتی بدەن یا هیچ نەبێ نێوی بزرێنن. خۆشبەختانە هەموو پیلانەکانیان شکستیان هێنا وخۆشەویستی خەڵك بۆ دکتۆر کەمال لە جاران زیاترە . هەڵبەتە هەندێ ئازاریان بە دکتۆر کەمال وهەموو ئەوانەی خۆشیان دەویست گەیاند ، لێ لە بەرامبەر ئەوەدا روورەش بوون .**

**جار وبار هەندێ لەوانەی گوایە رەخنە دەگرن لە دید وبۆچوونەکانی دکتۆر کەمال ئەوەندە نەخوێنەوارن ، مرۆڤ بە وتەی برادەرێك، دەبێ ماشەڵا لە نەزانیان بکات نەبا بێن بەچاوەوە . یەکێ لەوانە جیاوازی نێوان میری کۆرە ومەلای خەتێی لێ بووە بە گرێ کوێرە وبۆی نەکراوەتەوە ، بۆیە (داهێنەرانە) تێکهەڵکێشی کردوون وفیگورێکی نوێی لێ (ئەفراندوون ) بە نێوی (مەلای کۆرە) .**

**دکتۆر کەمال پرۆژەی زانستی زۆری لە بەر دەستدایە کە دەیەوێ کاریان لە سەر بکات، لێ ماوەیەکە تەندروستی باش نیە . هیوام وایە بە زووترین کات چاك ببێتەوە وئەو کارانەی کە لە سەردەمی دەسەڵاتی رەشی بەعسدا نەدەکرا بیریان لێ بکرێتەوە ئێستا کاریان لە سەر بکا وخوێنەری کورد ونەوەکانی داهاتوویان لێ ئاگادار بکات.**

من دەزانم لە وتارێکی وادا ناکرێ مافی زانایەکی وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر بدەینەوە .ئەو کە خاوەن ئەو هەموو کتێب وبەرهەمەیە کە پێشکەشی خوێنەرانی کورد وعەرەبی کردووە ، وئەو هەموو شاگردەی کە پەروەردەی کردوون وئەو کەسایەتییە پر لە هەستی مرۆڤانی وسۆزەیە، چەندین وتاری وەك ئەمەی من مافی خۆی نادەنێ وکاتی ئەوە هاتووە نامەی ماستەر وتێزی دکتۆرا لە سەر بەرهەمی بیری ئەو زانایە ئامادە بکرێن .

## پەراوێز وسەرچاوەکان :

1 . دکتۆر کەمال مەزهەر یەکەمین وتارە مێژووییەکانی ( رۆڵی کورد لە مێژووی شارستانێتیدا ) و (سەرنجێکی مێژوویی لە سەر زمانەکەمان) لە گۆڤاری (بڵێسە) لە ساڵی 1959 دا بلاو کردۆتەوە. بۆ دەقی ئەو وتارانە بروانە : دکتۆر کەمال مەزهەر ، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم . بەغدا 1985 .

2 . بروانە : کەمال مەزهەر ئەحمەد ، بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عیراق 1918 –1932 ، باکۆ 1967 (بەزمانی رووسی )

3 . بروانە : کەمال مەزهەر ئەحمەد ، بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عیراق 1918 – 1958 ، باکۆ – مۆسکو 1969 .(تێزی دکتۆرای ناووك بە زمانی رووسی ) .

بۆ لیستی وتار وبەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر بە زمانی رووسی بروانەی : دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو – کورتە باسێکی زانستی مێژوو وکورد ومێژوو ، بەغدا 1983 ، ل . 362

4 . شەرەفخانی بدلیسی ، شەرەفنامە ، هەژار کردویە بە کوردی ، چاپخانەی نعمان ، نەجەفی پیرۆز 1973 .

5. دکتۆر کەمال مەزهەر ، مێژوو.ل 125 –126 .

6 . هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 105 –132.

7. د. كمال مظهر احمد ، انتفاضة **1925** في كوردستان تركيا ، بيروت **2001** .

8. وردەکارییەکانی ئەو کۆنفرانسانە ورۆڵی کورد ودەقی وتارەکانی دکتۆر کەمال لە کاتی خۆیدا لە رۆژنامەی (التاخی ) و(برایەتی)دا لە 8 نیسان و5 و8 و17 ئابی ساڵی 1973 دا بلاوکرانەوە : هەروەها بروانە : دکتۆر کەمال مەزهەر ، مێژوو ، ل 242 – 246 .

9 . دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ، کوردستان لە ساڵەکانی شەری یەکەمی جیهاندا ، بەغدا 1975 .

مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم وەرگێراوە سەر زمانی عەرەبی وبە یارمەتی کۆری زانیاری کورد بلاوی کردەوە . بروانە :

د. كمال مظهر احمد ، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى ، ترجمة محمد الملا عبدالكريم ، بغداد **1977** .

**10** . دکتۆر کەمال مەزهەر ، مێژوو ، ل 28–29

11. دکتۆر کەمال مەزهەر ، ((تێگەیشتنی راستی)) وشوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا ، بەغداد 1978 .

**12** . دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ، ئافرەت لە مێژوودا ، کورتە باسێکی مێژوویی وکۆمەڵایەتی ، بەغدا 1981 .

**13**. بۆ ئەو بابەتانە سەیری ئەم بەرهەمانەی دکتۆر کەمال مەزهەر بکەن:

د.كمال مظهر أحمد ، الطبقة العاملة العراقية . التكون وبدايات التحرك ، بيروت **1981** .

أ. شاميلوف ، حول مسألة الأقطاع بين الكرد ، ترجمه وكتب مقدمته وعلق عليه الدكتور كمال مظهر أحمد ، بغداد **1977** .

بۆ لیستێکی ناتەواوی ئەو بەرهەم ووتارانەی دکتۆر کەمال مەزهەر بروانە :

دکتۆر کەمال مەزهەر ، مێژوو ، ل 298–301 و 342 – 345 و 361–362 .

**14**. د. كمال مظهر أحمد ، أضواء على قضايا دولية في الشرق الأوسط ، بغداد **1978** .

**15** . د. كمال مظهر أحمد ، النهضة ، سلسلة الموسوعة الصغيرة **37** .بغداد **1979**

د. كمال مظهر أحمد ، ميكافيلي والميكافيلية ، سلسلة الموسوعة الصغيرة 142 ، بغداد **1984** .

(ئەرکی رۆشنبیرانی کورد لە بەر رۆشنایی ئەزموونەکانی رینەسانس) زنجیرە وتارێك بوو دکتۆر کەمال مەزهەر بە خستبوویە بەردەم رۆشنبیرانی کورد لەو سەردەمەی دەسەڵاتی بەعسدا. ئەو وتارانەی لە گۆڤاری (کاروان)دا بلاو کردەوە . میکیاڤیللی ومیکیاڤیللیزم وەکو پێشەکی بۆ چاپی کوردی (میر)ی میکیاڤیللی بلاو کرایەوە. رینەسانسیش لە لایەن کاك فوئاد مەجید میسریەوە کرا بە کوردی وبلاوکرایەوە .

**16**. الدكتور كمال مظهر أحمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر ، بغداد **1985** .

17 . لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو بەرهەمانەی دەکەین :

الدكتور كمال مظهر أحمد ، ثورة العشرين في الأستشراق السوفيتي ، بغداد **1977** .

الدكتور كمال مظهر أحمد ، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية ، بغداد **1978** .
دراسة سوفيتية عن ثورة العشرين (التاخي ) **30** حزيران **1970** . دور الأكراد في ثورة العشرين (التاخي) ، **1** تموز **1970** ، الكرد وثورة العشرين (مجلة المجمع العلمي الكردي ) المجلد السادس **1978** ، من تاريخ صحافة ثورة العشرين (دراسات في التاريخ والآثار ) **58** العدد الثاني 1982 ، شۆرشی بیست :هۆكانی ، ئەنجامەكانی ،بایەخی (كاروان ) ژمارە 10 ، 1983 ، شوێنی میللەتی كورد لە شۆرشی بیستا (برایەتی ) ژمارە 4 ساڵی 1 ، خولی دووەم ئەیلولی 1970 .

18. لە كاتی بلاۆكردنەوەی (مێژوو )دا پێداچوونەوەیەكی دوور ودرێژم لە سەر كتێبەكە بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری (كاروان )دا بلاۆكردەوە ، بروانە :

التأريخ ، تأليف الأستاذ الدكتور كمال مظهر أحمد ، مراجعة الدكتور جبار قادر ، مجلة (كاروان ) **23** ، اب **1984**.

**19** . مذكرات فؤاد عارف ، الجزء الأول ، تقديم وتعليق الدكتور كمال مظهر أحمد ، دهوك **1999** .
مخابن بیرەوەرییەكانی ئەحمەد موختار بابانم نێستا لە بەردەستدا نیە هەرچەندە لە كتێبخانەكەمدا هەبوو ، پێموایە لە ئوردون چاپ كرا ودكتۆر كەمال مەزهەر بۆ چاپ رێك وپێك وئامادەی كرد .

20. دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد ، مێژوو ، ل30.

21. د.كەمال مەزهەر ، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی كورد ، ئامادەكردن عەبدوڵلا زەنگەنە ، بەرگی دووەم ، هەولێر 2001 .
لە 14 نیسانی 2002 كاك عەبدوڵلا زەنگەنە ئەركی كێشاو دانەیەكی لەو كتێبە بە دیاری پێشكەش كردم كە جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لێبكەم وهیوای سەركەوتنی بۆ خوازم .

**22** . د.كمال مظهر أحمد ، كركوك وتوابعها ، حكم التأريخ والضمير ، دراسة وثائقية عن القضية الكردية في العراق ، الجزء الأول ، مطبعة رينوين بلا. س .

www.dengekan.com